شاندێکی پارتی بەشداری سێهەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی وارشۆ دەکات

هۆشیار سێوەیلی لەگەڵ بەرپرسی دێسکی وڵاتانی کەنداو و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆدەبێتەوە



بە بانگهێشتێکی فەرمی سەنتەری کۆلێگیۆم سیڤیتاس بۆ لێکۆڵینەوە لە پرسی تیرۆریزم و بە هاوکاری کۆڕبەندی لاوانی دیپلۆماتی پۆلۆنیا و بەشی کوردی پەیمانگای لێکۆڵینەوەی رۆژهەڵاتناسی زانکۆی یاگێلۆنسکی و نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێم لەم وڵاتە، رۆژی 2018/5/14 شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی هۆشیار سیوەیلی، بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادەبون لە سێهەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی وارشۆ. لە کۆنفرانسەکەدا چەندین کەسایەتی سیاسی و توێژەری ئەکادیمی و پسپۆڕ لە چەندین بواری جیاواز لە زانکۆ و ناوەندە گرنگەکانی توێژینەوەی ئەکادیمی و ستراتیژیی لە ناوخۆی پۆلۆنیا و لە وڵاتانی تری ئەوروپی و لە کوردستانیشەوە مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی، بانگهێشتی سێهەمین کۆنفرانسی وارشۆ کرابوون . هەروەها شاندەکەی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی لە کۆماری پۆلۆنیا پێشهاتە سیاسی و ستراتیژییەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچەکە لەگەڵ ناوەندە گرنگەکانی پۆلۆنیا تاوتوێکرد.

شاندی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە وێستگەیەکی تری دیدار و چالاکییەکانیدا لە وارشۆی پایتەخت لە وەزارەتی دەرەوەی پۆلۆنیا لە لایەن پێشتۆڤیچ ئەندامی پەرلەمان لەسەر لیستی پارتی نۆڤۆشچ کە هاوکات سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئابووری و گەشەپێدانە لە پەرلەمان پێشوازیکران، پەرلەمانتار یەژێ مێشتۆڤیچ نوێنەرایەتی هەرێمی ماوپۆڵسکا دەکات. دواتر شاندەکەی پارتی لەگەڵ هەریەک لە کژێشتۆف ستراخۆتا بەرپرسی بەشی تورکیا و قەفقاس و ناوەڕاستی ئاسیا و جێگرەکەی ماریۆش مارشێڤسکی لە ئۆفیسکی سەرەکی ئەنستیتۆی خۆرهەڵاتناسی پۆلۆنیا لە وارشۆی پایتەخت کۆبوونەوە و چەندین تووێژینەوە و بابەتی شیکاری زانستی و سیاسییان لەسەر هەرێمی کوردستان و ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی کوردستان ئەنجامداوە و چەندین بابەتی شیکاری و جێی بایەخی نیوانیان لەسەر عێراقی دوای داعش و هەرێمی کوردستان و رووداوەکانی دوای 16ی ئۆکتۆبەر و ئایندەی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا و وڵاتانی ناوچەکە تاوتوێکرد.

شاندی پەوەندییەکانی پارتی لەلایەن زیگنێڤ پیسارسکی سەرۆکی دەزگای کاژمێژ پڕواسکی، بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی و شیکاری و پرسەکانی ستراتیژی و ئاسایش و پێشکەوتن و هەریەک لە تۆماش سمۆرا، بەرپرسی ئۆفیسی شیکاری لە دەزگاکە و خاتوو پاتریسیا چۆمیتسکا بەرپرسی بەشی پرۆگرام و هەماهەنگی دەزگا و ژمارەیەکی تر لە ستافی دەزگای کاژمێژ پڕواسکی بە گەرمی پێشوازی کران.

دەزگای کاژمێژ پڕواسکی بە گرینگییەوە دەڕوانێتە پرسەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی هەرێمی کوردستان و بەهۆی پەیوەندییەکانی رابردوویان لەگەڵ مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و پرسی هەرێمی کوردستان و پرسی کورد بەگشتی خستووەتە نێو بازنەی چالاکییەکانی خۆیان و خوازیارن کەسانی پسپۆڕ و ئەکادیمی لە هەرێمی کوردستانەوە بانگهێشتی کۆنفرانس و فۆرۆمە تایبەتییەکانی دەزگاکەیان بکەن، کە سالانە لە وارشۆی پایتەخت ساز دەکرێن.



پەرلەمانتارێکی ئاکپارتی داوای ئازادکردنی دەمیرتاش دەکات

ئەندام پەرلەمانێکی ئاکپارتی دەسەلاتدار، لەسەر بازنەی ئیستەنبوڵ، پێی باشە لە سەروبەندی بانگەشەی هەڵبژاردندا، سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە ئازاد بکرێت. سەلاحەدین دەمیرتاش کاندیدی هەدەپەیە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی، هاوولاتییان لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها هەدەپەش داوا دەکەن ئازاد بکرێت تا بتوانێت وەکو کاندیدەکانی تر بانگەشە بۆ خۆی بکات، بەڵام تاوەکو ئێستە هیچ لایەنێک بە ئەرێنی وەڵامی نەداوەتەوە. بەگوێرەی مالپەڕی باسنیوز، عەزیز بابوججو، ئەندام پەرلەمانی ئاکپارتی لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ تەلەڤزیۆنی (CNN)ی تورکی، پێی باشە دەمیرتاش ئازاد بکرێت و پڕوپاگەندە بۆ خۆی بکات. هەروەها گوتیشیەتی دەمیرتاش ئازاد بکرێت باشە، چونکە ئێمە بەردەو هەڵبژاردن دەڕۆین و ئەویش کاندیدی سەرۆکایەتییە و پێم باش نییە، سەرۆکی پارتێکی سیاسی زیندانی بکرێت. بەڵام ئێمە وڵاتێکی یاسایین و دادگامان هەیە، بۆیە پێویستە ئەوان بڕیاری ئازادکردنی بدەن.

بەغدا.. تاوانبارێک دوای 12ساڵ لە کوشتنی دیپلۆماتکارێکی ڕووسی لەسێدارە دەدرێت

دادگای ناوەندیی تاوانەکان لە بەغدا، دوای 12ساڵ لە ئەنجامدانی تاوانەکەی، سزای لەسێدارەدانی بۆ ئەو تیرۆریستە دەرکرد کە لە 2006دیپلۆماتکارێکی ڕووسی، سەربڕی. داوەر عەبدولستار بەیرەقدار گوتەبێژی ئەنجوومەنی دادوەریی لە عێراق، ڕایگەیاندووە دادگای تاوانەکان سزای لەسێدارەدانی بۆ ئەو تیرۆریستە دەرکرد کە لە سالی 2006دۆپلۆماتکارێکی ڕووسی لە عێراق، سەربڕی . ئاماژەی بەوەشدا، کە تاوانبارەکە دانی بەوەدا ناوە، لەگەڵ گرووپێکی چەکدارەا چوار کەسی بیانیان ڕفاندووە و دواتر هەر چواریانیان کوشتووە، ڕوونیشی کردووەتەوە، کە دووانیان بەدەمانچە کوشتووە و دووانیشیان سەربڕیوە. گوتەبێژەکە ئەوەشی خستووەتەڕوو، کە تاوانبارەکە دیپلۆماتکارە ڕووسەکەی سەربڕیوە و دواتر تەرمی هەر چوار کۆژراوەکەیان فڕێ داوەتە ناو ڕووبارێ دیجلەوە.








گۆڤارێکی ئەمەریکی ناوی 10 کاندید بۆ سەرۆکایەتی حکوومەتی عێراق ئاشکرا دەکات

گۆڤاری (فۆرن پۆلیسی)ی ئەمەریکی، دوێنێ چوارشەمە ناوی 10 دیارترین کاندیدەکانی بۆ سەرۆکایەتیکردنی کابینەی نوێی حکوومەتی عێراقی بڵاو کردەوە، کە تێیاندایە، چاوەڕوانکراو نەبووە.

گۆڤارە ئەمەریکییەکە ئاماژەی بەوەداوە، کە بە هەمان شێوەی کابینەکانی ڕابردوو، سەرۆکوەزیرانی داهاتووی عێراق لە پێکهاتەی شیعە دەبێت: ئەگەر عەبادی نەبێت، بەدڵنیاییەوە کەسێکی سەرکاوەی دەبێت لای عێراقییەکان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش. هەروەها باسی لەوەشکردووە، کە بەپێی ئەزموونەکان، پێدەچێت کاندیدێکی تەوافقی هەبێت بۆ سەرۆکایەتی حکوومەتی داهاتوو. ئەو 10 کاندیدەی لە لایەن گۆڤارەکەوە دیاری کراون، بریتین لە: حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیران، عەلی لازم دوای، پارێزگاری میسان و کاندیدی سەرۆکایەتی حکوومەتی پێشووی نووری مالیکی، هادی عامری، سەرۆکوەزیرانی پێشوو کە ئەمینداری گشتی ڕێکخراوی بەدر و سەرۆکی هاوپەیمانی فەتح، عەلی عەلاوی کە لە سەدرییەکان، هادی عامری، سەرۆکوەزیرانی پێشوو کە گۆڤارەکە ئاماژەی بەوەداوە، ناکرێت بە یەکجاری لە گۆڕەپانی مللمانێکان دوور بخرێتەوە، سالح حەسناوی، وەزیری پێشووتری تەندروستی عێراق، کە لە لایەن سەدرییەکانەوە پشتگیریی دەکرێت و ناوی دەهێنرێت، عادل عەبدولمەهدی، وەزیری پێشووی نەوتی عێراق و سەرکردە لە ئەنجوومەنی بالای ئیسلامی لە عێراق، ئەیاد عەلاوی، جێگری سەرۆککۆمار و سەرۆکی ئیتتیلافی نیشتمانی، تارق نەجم، بەڕێوەبەری نووسینگەی مالیکی لە سەرۆکایەتی پێشووی حکوومەت، زیا ئەسەدی، سەرۆکی کوتلەی ئەحرار سەر بە سەدرییەکان.

فیدریکا موگیرینی:

ئەورووپا هەوڵی خێرا دەدات بۆ رزگارکردنی ڕێککەوتنە ناوەکییەکەی ئێران



بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا فیدریکا موگیرینی گوتی: یەکێتیی ئەورووپا ناتوانێت گرەنتی یاسایی و دارایی بدات بە ئێران، بەڵام جددیە سەبارەت بە دۆزینەوەی ڕێگەیەک بۆ بەردەوامبوونی وەبەرهێنانەکان و لە هەفتەکانی داهاتووشدا ڕێوشوێنەکان پێشنیار دەکرێن لەم بارەیەوە. دوای کۆبوونەوەیەکی ئەو وەزیرانی دەرەوەی ئێران و بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا، موگیرینی گوتی بەڕێوەبەری ئەو کۆبوونەوەیە پرۆژەی سێشەمە وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا سزای سەپاند بەسەر بانکی ناوەندی ئێران و سێ کەسی دیکە و بانکێکی دیکەدا کە بەدڵنیاییەوە کەسێکی نەناسراو دەبێت لای عێراقییەکان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش. هەروەها باسی لەوەشکردووە، کە بەپێی ئەزموونەکان، پێدەچێت کاندیدێکی تەوافقی هەبێت بۆ سەرۆکایەتی حکوومەتی عێراق لە ئاماژەیەکی ڕۆژی سێشەمە وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا سزای سەپاند بەسەر بانکی ناوەندی ئێران و سێ کەسی دیکە و بانکێکی دیکەدا کە ئەمەریکا کشایەوە لێی. جێی ئاماژەیە ڕۆژی سێشەمە وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا سزای سەپاند بەسەر بانکی ناوەندی ئێران و سێ کەسی دیکە و بانکێکی دیکەدا کە بنکەکەی لە عێراقە، ئەمەش هەفتەیەک دوای کشانەوەی سەرۆکی ئەمەریکا دەنالد ترەمپ لە ڕێککەوتنەکە. ئێران گوتی: سزاکان یاسایی نین و هۆشیاریشیدا لەوەی کە ئەگەر دانوستانەکان بۆ ڕزگارکردنی ڕێککەوتنەکە شکستیان هێنا، ئەوا زۆر زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە پەرە بە بەرنامە ناوەکییەکەی دەدات. هاوکات گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، بەهرام قاسمی بلاویکردەوە: بە گرتنەبەری ئەم ڕێوشوێنە خراپانە حکوومەتی ئەمەریکا هەوڵدەدات کاریگەری بخاتە سەر ئیرادە و ڕزگارکردنی ڕێککەوتنە ناوەکییەکە دوای ئەوەی ئەمەریکا کشایەوە لێی. جێی ئاماژەیە ڕۆژی سێشەمە وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا سزای سەپاند بەسەر بانکی ناوەندی ئێران و سێ کەسی دیکە و بانکێکی دیکەدا کە ئەمەریکا کشایەوە لێی. جێی ئاماژەیە ڕۆژی سێشەمە وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا سزای سەپاند بەسەر بانکی ناوەندی ئێران و سێ کەسی دیکە و بانکێکی دیکەدا کە بنکەکەی لە عێراقە، ئەمەش هەفتەیەک دوای کشانەوەی سەرۆکی ئەمەریکا دەنالد ترەمپ لە ڕێککەوتنەکە. ئێران گوتی: سزاکان یاسایی نین و هۆشیاریشیدا لەوەی کە ئەگەر دانوستانەکان بۆ ڕزگارکردنی ڕێککەوتنەکە شکستیان هێنا، ئەوا زۆر زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە پەرە بە بەرنامە ناوەکییەکەی دەدات. هاوکات گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، بەهرام قاسمی بلاویکردەوە: بە گرتنەبەری ئەم ڕێوشوێنە خراپانە حکوومەتی ئەمەریکا هەوڵدەدات کاریگەری بخاتە سەر ئیرادە و بڕیاری ئەو وڵاتانەی دیکە کە هێشتا لە ڕێککەوتنەکەدا ماون. وەزیرانی دەرەوەی بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئێران ڕۆژی سێشەمە لە بڕۆکسل کۆبوونەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چۆنێتی ڕزگارکردنی ڕێککەوتنە ناوەکییەکە بەڵام وادیاربوون کە لەژێر گوشارێکی زۆردان بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە چۆن ئەو کۆمپانیایانەی کە لەگەڵ ئێراندا کار دەکەن بەردەوام بن لە کارکردنیان لە کاتێکدا واشنتۆن سزاکان دەسەپێنێتەوە بەسەر تاراندا.

راسپاردووە بۆ پاراستنی کارەکانی ئەورووپا لە ئێران و هەفتەی داهاتووش کۆبوونەوەیەک لە ڤیینا لەسەر ئاستی نوێنەرانی وەزیرانی دەرەوە ئەنجامدەدرێت. بەگوێرەی دەنگی ئەمەریکا، موگرینی گوتیشی: ئێمە کار دەکەین بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی کرداری، ئێمە باس لە کۆمەڵێک چارەسەر دەکەین بۆ پاراستنی ڕێککەوتنەکە. گوتیشی ئەو ڕێوشوێنانە هەوڵدەدەن ڕێگە بە ئێران بدەن بەردەوامبێت لە هەناردەکردنی نەوت و ڕێگە بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا فیدریکا موگیرینی گوتی: یەکێتیی ئەورووپا ناتوانێت گرەنتی یاسایی و دارایی بدات بە ئێران، بەڵام جددیە سەبارەت بە دۆزینەوەی ڕێگەیەک بۆ بەردەوامبوونی وەبەرهێنانەکان و لە هەفتەکانی داهاتووشدا ڕێوشوێنەکان پێشنیار دەکرێن لەم بارەیەوە. دوای کۆبوونەوەکەی ئەو وەزیرانی دەرەوەی ئێران و بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا، موگیرینی گوتی بەڕێوەبەری ئەو کۆبوونەوەیەک لە ڤیینا لەسەر ئاستی نوێنەرانی وەزیرانی دەرەوە ئەنجامدەدرێت. بەگوێرەی دەنگی ئەمەریکا، موگرینی گوتیشی: ئێمە کار دەکەین بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی کرداری، ئێمە باس لە کۆمەڵێک چارەسەر دەکەین بۆ پاراستنی ڕێککەوتنەکە. گوتیشی ئەو ڕێوشوێنانە هەوڵدەدەن ڕێگە بە ئێران بدەن بەردەوامبێت لە هەناردەکردنی نەوت و ڕێگە

گرژییەکانی نێوان تورکیا و ئیسرائیل لە هەڵکشاندایە

دوای گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە تەلئەبیبەوە بۆ ئۆرشەلیم، جارێکیدیکە گرژی و ئاڵۆزیی کەوتەوە نێوان هاووڵاتییانی فەلەستینی و حکوومەتی ئیسرائیل، کە بووە هۆی کۆژران و بریندارببونی ژمارەیەک هاووڵاتی فەلەستینی، وەک پیشەی هەمیشەی تورکیا خۆی خزاندەوە ناو کێشەکە و هێرشی کردە سەر ئیسرائیل و بەرپرسانی ئیسرائیل، سەرۆککۆماری تورکیا ، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، ڕایگەیاند، ئیسرائیل دەوڵەتێکی تیرۆریستییە و ئەوەی ئەنجامی دەدات لە دژی هاووڵاتییانی فەلەستینی کۆمەڵکوژییە. لە بەرامبەریشدا سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل بنیامین ناتانیاهۆ، ڕایگەیاند: ئاموژگاری ئەردۆغان دەکەم وانەی ئەخلاقمان پێ نەڵێت. هەروەها بنیامین ناتانیاهۆ لە ڕێی تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەرەوە، لە جریوەیەکدا نووسیویەتی: ئەردۆغان یەکێکە لە گەورە پشتیوانەکانی حەماس، هەربۆیە گومانی تێدا نییە ئەو باش لەوە تێدەگات، تیرۆر و کۆمەڵکوژی چییە، ئاموژگاری دەکەم وانەمان لە بارەی ئەخلاقەوە پێ نەڵێت. بە گوێرەی هەواڵی میدیاکانی جیهان، وەزارەتی دەرەوەی تورکیا داوای لە کونسوڵی ئیسرائیل لە تورکیا کردووە، وڵاتەکە بەجێبهێڵێت.